گۆڤارێکی ئەدەبیی و هونەریی، وەرزییە. ئامانج کارکردنە لەسەر کەلێنخستنەوە، لەو ئەدەب و هونەرە بە هەڕمێنەی ئەمڕۆ، بە لەبەرچاوگرتنی دەنگە تازەپێگەیشتووەکان.
لە کەلێندا برەو بەو بابەتە وەرگێڕدراوانە دەدرێت، کە لە سەرچاوەی یەکەمەوە وەرگێڕدراون. هەروا لەم وێستگەیەدا، کار لەسەر شێوەکاریی، سینەما و فیلم دەکرێت، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ئەدەبدا.

## سەرنج: بۆ ناردنی بابەت و نووسین بۆ کەلێن:

## ١

بەڕێزی خۆشەویست، بۆ ناردنی بابەت بۆ گۆڤاری کەلێن، تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکە:

- پێویستە دەقەکەت، لە هیچ گۆڤار، پەڕتووک و ماڵپەڕ، یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو نەکرابێتەوە. - پێویستە نووسینەکەت بە جۆری یونی کۆد بێت، یونیکورد گۆران (Unikurd Goran)، یان (Times New Roman).
- سەرچاوە لەگەڵ نووسراوەکاندا هەبێت، ئەگەر نووسراوەکەت ئەوە هەڵبگرێت.
- ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، لە ٢٠٠٠- ٢٧٠٠ وشە بێت. پێکهاتبێت لە:

١- پوختە. ٢- پێشەکی. ٣ ئەنجام. ٤ سەرچاوە.
وتار، ئەم تایبەتمەندییانەی لەخۆ گرتبێت:
١- ڕەخنە، لایەنی ڕەخنەیی لە وتارەکەدا وێنا کرابێتەوە.
٢- سەرەتایەک بۆ دەستپێکردن، وەک مەبەست لە نووسینی ئەم وتارە، دەتەوێت چی بورووژێنیت و چی بڵێیت.
٣- گرینگی تەواو بدرێت بە بۆچوونە کۆک و لێکناکۆکەکانی پێش خۆی (وتارەکە).
٤- ئەنجام بۆ کۆتایی وتارەکە هەبێت.
٥- لەبەرچاوگرتنی ڕەزامەندی خوێنەر. ئەمەش بە گرینگیدان بە ڕێنووس، ڕازاندنەوە، مۆسیقای وشە و ڕستەکان، ڕێکخستن و جیاکردنەوەی پارچە (پەرەگراف)ەکان لە یەکتری.
٦- سەرچاوە لەخۆ بگرێت.
- شیعر و چیرۆک لە پێنج ئەیفۆڕ زیاتر نەبێت و قەبارەی فۆنت ١٤ بێت.

## ٢

هەوڵ بدە ئەم خاڵانەش پێڕەو بکەیت:

| چەندزاراوەیی | یەکزاراوەیی لە کەلێندا |
| --- | --- |
| - Concept، چەمک و مەفهوم، | تێگە. |
| - جامیعە، زانکۆ، | زانستگە. |
| - قوتابخانە، مەکتەب، | خوێندنگە. |
| - لۆجیک، لۆژیک، مەنتیق، مەنطیق، | ژیربێژ. |
| - بێهوودەیی. | |
| - هیچخوازیی. | |
| - پێکهاتەخوازیی. | |

دیدگە و ڕوانگە؛ سەرباری ئەوەی "دید" فارسییە و کوردییەکەی "دیت"ە، ئەوە بە خستنەسەری پاشگری "گە" دەبێت بە دیتگە و پێشگر و پاشگری تر؛ نادیتە و دیتەدەر و... تاد. ئەوە پشت

دەکەینە دیتگە و وەک زاراوە ڕوانگەمان هەیە و پێویســت بە دیتگە ناکات. هەڵبەتە "دید"یش بکرێتەوە بە دیت.

***

ڕەوت لە شوێنی قوتابخانە ئەدەبییەکان و قوتابخانەی دەروونشیکاریی یان قوتابخانە فەلسەفییەکان، بەکار ببردرێت.

ســەرنج: بۆ زاراوەکانی بێگانە، ئەگەر نەتویســت زاراوە کوردییەکە دابنێیت، ئەوە بە ڕێنووسی کوردیی بنووسرێت.

***

ئافــرەت، ژن. وشــەی ئافرەت لە هەر بابەتێکی نێــردراو بۆ کەلێن، دەکرێتەوە بە ژن.

ئیش، کار.

تیادا، تیایدا، تێیدا.

"ئە": ئەکەم، ئەهێنم، "ئە" بۆ ئاخاوتنە و لە گۆڤارەکەماندا دەکرێتەوە بە "دە"، نموونە: بیردەکەمەوە، دەهێنم، دەخوێنمەوە.

پێشگرەکانی، وەک دکتۆر و پرۆفیسۆر... تاد، لە گۆڤارەکەدا بەکار ناهێنرێن.

- یەک جۆر ڕێنووس و خاڵبەندیی لە گۆڤارەکەماندا پێڕەو دەکەین.

***

- بیرۆکە، هەڵەی ڕێزمانی تێکەوتووە، ۆکە پاشگرە بۆ بچووککردنەوە. وەک خراپۆکە.

- ژیان کردن و ژیان دەکات، هەردووکیان هەڵەی ڕێزمانییان تێکەوتووە و خۆمان لە بەکارهێنانی دەپارێزین.

***

پاشــگری گا و گەریــی، فارســین و کوردییەکەیــان "گــە و خوازیی (ایەتی) " هەن. نموونەکانیان: کۆمەڵگە. پێکهاتەخوازیی. ژنایەتیی (فێمێنیزم).

***

لــە جێگەی ڕێباز (ism)، ئەوە پاشــگری "ایەتــی و خوازیی" بەکار بهێندرێت. بۆ نموونە: پێکهاتەخوازیی. ژنایەتیی.